**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢١/٤/٢١**

## بڕیاری

## ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٤/٢١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** ڕۆژی (٢٢)ی نیسانی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دادەنرێت.

**دووەم:** لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، وەك بۆنەیەکی نیشتیمانی یادی ئەم ڕۆژە بەرز ڕادەگرن و حکومەتی هەرێم هاوکار دەبێت بۆ یادکردنەوەی.

**سێیەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچواندن

بۆ بە فەرمی ناساندنی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەلایەن (میقداد میدحەت بەدرخان)ەوە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچووە، بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆڵە مێژوویی و بەرچاوەی کە ڕۆژنامەگەری کوردیی لە پاراستنی زمان و کولتور و پیشەی ڕۆژنامەگەریی و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و بەرەو پێشتبردنی کۆمەڵگادا بینوویەتی، ئەم بڕیارە دەرچوێنرا.

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**